گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی یاسا لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی
# توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**پ.د. سەلیم پەترۆس ئلیاس**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین,هەولێر ,هەرێمی کوردستان، عیراق.
Selim.Elias@.su.edu.krd

**شیروان عثمان رسول**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین,هەولێر ,هەرێمی کوردستان، عیراق.
Sherwan8182@yahoo.com

**زانیاریەکانیتوێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/١٥
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٤/١١
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Role, Law, Social Control, Behavior, Organization*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.9

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی یاسا , کە پێویستیەکی سەرەکیە و ئامرازێکی گرنگە لە دەستنیشانکردنی ئەرك و مافەکان , و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و بوارە جیاوازەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ململانێکان و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکان لە پێناو مانەوە و بەردەوامی و سەقامگیری کۆمەڵگە و پێکەوە ژیان , ئەم توێژینەوەیە , توێژینەوەیەکی تیۆرییە , کە چەندان بەش لە خۆ دەگرێ , بەشی یەکەم بریتییە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە , کە کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوە لە خۆ دەگرێ , بەشی دووەمیش تایبەتە بە چەمکەکان وڕێبازی توێژینەوەکە , لە بەشی سێیەمدا بیروبۆچوونەکانی بیرمەندان دەربارەی ڕۆڵی یاسا لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا لە خۆ دەگرێ , بەشی چوارەم پێکهاتووە لە گرنگی یاسا و ئامانجەکانی , و لە بەشی پێنجەمی توێژینەوەکەدا ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە پێشەکیەکەیدا ناتوانرێت بەدی بێت , بە بێ یاسا کە شێوازی دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبردن و ئامانجە سەرەکیەکان و ئەرك و مافی حکومەت و تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگە دیاری دەکات , هەولی بەدیهێنانیان دەدات , لە هەمان کاتیشدا ئەم یاسایانە پێویستە ڕەزامەندی تاکەکانی کۆمەڵگە یان زۆرینە بە دەست بێنێت , تا هاوسۆز بن لەگەڵیدا و پەیڕەوی بکەن و جێ بەجێیان بکەن , تایبەتمەندی یاسا لەگەڵ ئامرازەکانی تری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی جیاوازە , لەبەر ئەوەی زیاتر ووردتر و بابەتیانە و دیاریکراو ترە , هەروەها لە جێ بەجێ کردن و دادپەروەری یەکسانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و ئەرك و مافەکان و شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی دیاری کردووە , سنووری رەفتاری تاکەکانی کێشاوە , بۆیە سزاو پاداشتی داناوە , کە مەبەست لێی پێش گرتنە لە دروست بوونی تاوان و سەرپێچی کردن. کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی لە هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دوو تایبەتمەندی هەیە یەکەمیان وەك نەخشەیەکی ڕەفتار کە لە لە لایەن مافەوە پشتگیری دەکرێت بەوەی کە پابەند بوون و سزای هەیە دووەمیان لە لایەن دەسەڵاتێکەوە جێ بە جێ دەکرێت و هێزی جێبەجێکاری هەیە.

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### 1.1 کێشەی توێژینەوە

پەیوەندی نێوان یاسا و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی بە هێزە و سەرنجی زانایانی ڕاکێشاوە و بۆتە بابەتێکی گرنگی تێڕامان و لێکۆلینەوە , هەر لەسەرەتاوە یاساکان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتارەکان داڕێژراون و هاتونەتە کایەوە هەر لە یاسا کۆنەکانەوە بگرە کە یەکەم یاسای نوسراو بوون و مەبەستیان ڕێکخستنی چالاکی جیاوازەکان بووە , دواتر بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان لە کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە بۆ کۆمەڵگەی ئالۆز و هەمەچەشن پێویستی بۆ یاسای فەرمی و پێشکەوتو زیاد بوو بە پێی ڕەوشی نوێ , یاسا پێویستیەکە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی , کە لە هەر شوێنێك هەبێت پێویستی بە یاسا هەیە بۆ ڕێکخستن و هاوسەنگی لە ئەرك و ماف و بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان , جا ئەگەر سیستەمی بەڕێوەبردنی هەر چیەك و هەر جۆرێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێت بێ یاسا سەرکەوتوو نابێت و ناتوانێت بەردەوام بێت چونکە یاسا شادەماری کۆمەڵگەیە و دیاردەیەکە لە نێو کۆمەڵگە دروست بووە لە ئەنجامی پێویستی و تێرکردنی ویست و حەزەکان لە چواچێوەی پاراستنی مافی تاك و کۆمەڵ.

لە دیدی (ڕۆس) یاسا یەکێکە لە بەهێزترین ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پێویستیەکی کۆمەڵایەتیە بۆ سەقامگیری سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە , بۆیە بێ یاسا ناتوانین وێنای بوونی سیستەمێك بکەین کە دەسەڵاتی بەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەبێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ڕێکبخات , کە ڕێکخستنی جۆرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە مەرجێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و تاکەکانی کۆمەڵگە ملکەچ دەکات , و هەر لادانێك لە یاساکان دەبێتە رووبەرو بونەوەی بە سزای دیاریکراو , بۆیە پێویستە یاسا گوزارشت لە پێویستیەکانی تاك و کۆمەڵگە بکات و لە خزمەتیان بێت , بەرژەوەندییەکانیان بەدی بێنێت و تاك پێگە و شوێن و سنوری چالاکیەکانی بزانێت , کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆڵەی یاسا , کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەیگێرێت بۆیە پێویستیەکی سەرەکیە , کە ئەرك و چالاکیەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات , و هەڵدەستێ بە جێگیرکردنی جومگەکانی کۆمەڵگە بە گشتی لە پێناو هەست کردنی تاکەکان بە حەسانەوەی دەروونی و مایەکی.

### 2.1 گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە , توێژینەوەیەکی شیکارییە , تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی یاسا لە بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وەك پێویستییەکی هەتەری لە پێناو پاراستنی تەونی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژگارێکدا , کە لادان و تاوان و کێشە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتییان هەراسان کردووە.

یاسا ئامرازێکی کاریگەر و بنەڕەتیە لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ گۆڕانی مەبەستدار و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی ڕەوشێکی گونجاو و لەبار بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی , کە تیایدا مرۆڤ بە ئاشتی و بەختیاریدا بژیت لە میانی چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسا لە سەرەتادا وەکو بنەمایەك لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دانراوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی رەفتارەکان , کە ئەم بنەمایانە , یاسای سادە و ساکار و نەنوسراو بوونە و وەك پێویستیەکی ژیانی کۆمەڵایەتیە و پێوەرێکی دادوەریە لە نێوان تاکەکان کە سنوور بۆ ئازادییەکان داناوە , چارەسەری کێشە و گیروگرفت و بەریەك کەوتنەکان دەکات , بەرژەوەندییەکان دەپارێزێت بۆیە یاسا بە یەکێك لە داهێنانەکانی مێشکی مرۆڤ هەژمار دەکرێت و لە هەر شوێنێك کۆمەڵ بوونی هەبوو یاسا بوونی دەبێت بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و دەگۆرێت بە گوێرەی جیاوازی شێوازی ژیان و کات و شوێن و سروشتی پەیوەندیەکە.

### 3.1 ئامانجی توێژینەوە

- زانینی رۆڵی یاسا لە بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازێکی کاریگەر لە ئامرازەکانی ئەم کردەیە.

## بەشی دووەم/ چەمکەکان و رێبازی توێژینەوە

### یەکەم/ چەمکەکانی توێژینەوە

### 1.1.2/ رۆڵ

پێناسەی (مارڤین ئۆڵسن) بۆ رۆڵ , بریتیە لە بەشێك لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی و رەگەزێکە لە رەگەزەکانی ئەم رێکخستنە , ئەگەر رۆڵ بینرا , ئەوا بەشێك لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەبینرێت (Olsen , 1996 ,p.404)

لای (پارسۆنز) رۆڵ بریتیە لە سیستەمی ئاراستەکردنی گشتی کارا , کە رێکدەکەوێ لە بارەی پێشبینیکردنی گروپ لە پەیوەندی و کارلێککردنەکانی لەگەڵ گروپەکانی تر , لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان کە پرۆسەی کارلێك بەرێوەی دەبات(عبدالباری, 1979 , ص:18)

پێناسەی توێژەر بۆ ئەم رۆڵ لەم توێژینەوەدا بریتیە لەو رێوشوێنە پێویستیانەی کە یاسا ئەنجامیان دەدات لە میانی دەزگا پەیوەندیدارەکانییەوە بە ئامانجی دابینکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2.1.2/ یاسا**

چەمکی یاسا کۆمەڵێك بڕیار و دەقی نوسراوی ڕەوشتکاری و بەهاییە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتار و کردار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان , کە هاوسەنگی تێدا پارێزراو بێت لە نێوان ئەرك و مافەکان بەشێوەیەك , کە ببێتە هۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و یەکسانی و دادپەروەری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (الشاوی,1986,ص:12)

(دۆرکایم) پێی وایە چەمکی یاسا ئاماژەیە بۆ هێمایەکی بینراو لە جۆرێك لە هاوئەرکی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکە بۆ بەردەوام بوونی ژیان وەك ئامرازێك بۆ داڕشتن و ڕێکخستنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە(عمر,1992, ص:125) لە پێناو بە دەستهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

پێناسەی توێژەر , یاسا کۆمەڵێك دەقی داڕێژراو و نووسراون , کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەری ڕێك دەکەون دوای ڕێکارەکان و لە لایەن دەسەڵاتەوە جێ بەجێ دەکرێت بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکان لە میانی دەست نیشانکردنی ئەرك و مافەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

**3.1.2/ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

یەکەم کەس ئەم چەمکەی بەکار هێنا(ئێدوارد ڕۆس) بوو , لە پێشەکی کتێبەکەی ( Social control)دا وەکو بابەتێکی تەواو و سەربەخۆ چارەسەری کردووە و پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە و دەڵێ زاڵگەیەکی کۆمەڵایەتی مەبەستدارە لە کۆمەڵگە و ئاماژەیە بۆ پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و نموونە ڕەوشتکارییەکان و بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە , کە هێز و کاریگەری هەیە لە دروستکردنی سەقامگیری کۆمەڵگا (Ross,1901,p.26)

(هۆلنج شید) پێناسەی ئەم چەمکە دەکات بەوەی , کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو کردە و بەها پابەند کارانەیە , کە دەست نیشانی پەیوەندی کەسێك دەکات لەگەڵ کەسانی تر هەروەها لەگەڵ بیروڕا و گروپ و چینەکان دواتریش کۆمەڵگە بە گشتی(Gibbs,1981,p.51)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی توێژەر بۆ ئەم چەمکە بریتیە لە هێز و ڕێکاری پێویست , کە کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانەوە دەیگرێتە بەر بۆ ئاڕاستەکردن و چاودێری کردنی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵ لە پێناو پابەندبوون بە یاساو نەریتە باوەکان بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگی و سەقامگیری بونیاد و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مافە گشتی و تایبەتیەکان.

## دووەم / ڕێبازی توێژینەوە

### 1.2.2ڕێباز

ڕێباز بریتیە لە ڕێگایەکی دیاریکراو کە توێژەر پابەندی دەبێت بۆ توێژینەوەی لە کێشە و دۆزینەوەی ڕاستی و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی (بدر, 1994 , ص ص:35 ,36)

### 2.2.2 ڕێبازی وەسفی شیکاری

یەکێك لە ڕێبازە گرنگەکانی توێژینەوە زانستیەکانە , توێژەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت دیاردە و کێشەکان بە تەواوی بناسێت و بگاتە چارەسەری کێشەکانی توێژینەوە هەروەها ئەم میتۆدە بەرچاو ڕوونی دەبەخشێتە توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەی(loeb et al, 2017 , p.8)

## بەشی سێیەم/ بیروبۆچوونی بیرمەندان دەربارەی ڕۆڵی یاسا لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

### 1.3 ئەفلاتون

ئەفڵاتون دەڵێ (لەسەرمان پێویستە دەوڵەت و یاسا بۆماوەییەکانی وێنا بکەین بەوەی کە جۆرێکە لە لاساییکردنەوەی شاری ئاسمانی , ناڵێم بڕیار بدە لەسەر ئەوەی کە گومانی تێدا نەبێت , ئەویش ئەوەیە کە یاسا باشترە لە ئارەزوو , چاکی فەرمانڕەوای ملکەچ بۆ یاسا باشترە لەو خواستە کە لە فەرمانڕەوایەکی ستەمکار دەردەچێت , یاخود لە حکومەتێکی ئۆتۆکراتی , یاخود حکومەتی گێرەشێوێنی , بێگومان یاسا بە شێوەیەکی گشتی هێزێکی دروستکاری شارستانیەتە , کە مرۆڤ بەبێ ئەو ئینجا خەسلەتەکەی هەر چۆن بێت – مەترسیدارترە لە ئاژەڵە دڕەندەکان) (سباین , 1963,

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ص:93). پەیبردنی (ئەفلاتون) بەوەی کە جیاوازییەکی زۆر هەیە , لە نێوان ملکەچ کردنی بۆ دەسەڵاتی چاکخوازی یاسا و بانگەشە کردنی بۆ پێویستی بوونی پرەنسیپی سەروەری یاسا , بریاری دا بەوەی کە تەنها یاسا باڵا دەستە بەسەر فەرمانڕەوا و فەرمان بەسەردا کراو لە یەك ئاستدا. بۆیە سەروەری یاسا بە پێویست دەزانێت , لە وتاری حەوتەم چەند ئامۆژگارییەکی بۆ پەیڕەوکارانی(دیون) پاشای (سەقلیە) دەکات بەم شێوەیە , دەڵێ (نەهێڵن سەقلیە, یاخود هیچ شارێکی دیکە تیایدا ملکەچی سەروەرەکانی خەڵك بێت , بەڵکو ملکەچ بێت بۆ یاساکان , ئەمەیە رێبازی من , بزانن کە ملکەچ بوون خراپە بۆ سەروەر و ژێر دەستان و کوڕەزاکانیان و وەچەکانیان)(سباین, ص:84).

### 2.3 ئەرستۆ

لەگەڵ ئەفلاتونی مامۆستای کۆکە سەبارەت بە گرنگی یاسا لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا , هەروەها باوەڕی وایە کە مرۆڤ یەکەم ئاژەڵ و تەواوترینیانە , بەڵام دەبێتە دواهەمین و قێزەونترینیان ئەگەر بەبێ یاسا ژیا و رووتبۆوە لە دادپەروەری و چاکە خوازی (کە دەبێ لە دژی ئارەزوو پیسەکانی بەکاریبهێنێت) , بەبێ ئەوانە گەندەڵتر دەبێت , یاخود شەرانگێزتر , ئەوەی کە دادپەروەری و چاکەخوازی فەراهەم دەکات بە پێی یاسا ئەوا دەوڵەتە , دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی کامەرانی خەڵك , باڵایی و هۆشمەندی و ئاکاری دابین دەکات ( ارسطو , 1963 ,ص ص :97,96) حکومەتی چاك لای (ئەرستۆ) ئەو حکومەتەیە کە سەروەری یاسا فەراهەم دەکات , چونکە یاسا ئاوەزە و بە دوورە لە ڕەمەك و ئەو ئارەزووانەی دڵ کە خەڵك خراپ دەکات تەنانەت باشەکانیشیان , ئەمە ئەو کاتە کە دەسەڵاتیان دەبێت لەمەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە دەڵێت: (یاساکان بە حکومەتەکان بەستراونەتەوە , بۆیە باش دەبێت یان پیس دەبێت , دادپەروەر , یاخود ستەمکار دەبێت بە گوێرەی ئەوەی کە ئەو حکومەتانە چۆن دەبێت , یاساکان باش دەبن لە حکومەتی باش و خراپ دەبن لە حکومەتی گەندەڵدا)( ارسطو , ص ص:211,210) بە پێی ئەم بۆچوونانەی ئەرستۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی دەگۆڕێت بە گوێرەی ئەو بەرنامە و یاسایانەی کە سیستەمەکە دای دەرێژێ و لە ئەرك کارەکانیدا بەرجەستەی دەکات , بۆیە لە دیدی ئەودا لە دەوڵەتی چاك (دەسەڵاتەکان جیا

دەکرێنەوە بۆ سێ بەش : دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادوەری ئەگەر بەم شێوەیە دەسەڵاتەکان رێکخران ئەوا سیستەمی دەوڵەت هەمووی باش دەبێت)( ارسطو , ص:348) لە رێرەوی مێژودا نمونەو ئەزمونەکان و رووداوەکان سەلماندیان کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی , بە پێچەوانەوەش کۆبونەوە و چڕ بوونی هەر سێ دەسەڵات تەنیا لە دەستێکدا دەبێتە هۆی نەمانی ئازادی و جێگیر بوونی ستەمکاری و گۆرینی پەیوەندی راست و دروستی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت بۆ پەیوەندیەکی نا دروست و ستەمکار و توند و تیژ و لە دەستدانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

### 3.3 هیگل

لای هیگڵ یاسا دیاردەیەکی مێژوییە لە کۆمەڵگە مرۆییەکان و پێیوایە کە یاسا دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ژیانی هۆشمەندی مرۆڤ , کە ویستی مرۆڤ تیایدا دەردەکەوێت , ویستیش مانای ئازادی لە خۆ دەگرێت , رەفتارەکانی مرۆڤ  لە ئازادییەوە هەڵدەقوڵێت بەو پەسنەی کە مرۆڤە و مرۆڤیش تەنها بە ناو ئازاد نیە , بەلکو بە پێویست ئازادە و ناکرێ مرۆڤ بوونی هەبێت و تەنیا ئازاد نەبێت , هەر بوارێك یاسا تیایدا بوونی هەبێت , ئەوا بواری جێبەجێکردنی ئازادییە بە کردەوە (بدوی, 1996, ص:20) یاسا لای (هیگل) بەرهەمی مێژووە بە قۆناغی جیاوازدا تێپەریوە و ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ بە پێویستی یاسا واتا هوشیاری مرۆڤ پێویستی  یاسای سەلماندووە بۆ ژیانی کۆمەڵ و سەرچاوەکەی لە ویستی مرۆڤە , بەو مانایەی ویستی مرۆڤ هۆکاری دروست کردنی یاسان ئەم ویستە لە باشی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتووە لە بینینیان بۆ ژیانێك کە هەر تاکێك ئەرك و ماف و ئازادی هەبێت بە شێوەیەکی پێویست ئازاد بێت , هیگل ئازادی مرۆڤی پەیوەست کردووە بە یاسا مەبەست لێی هەست کردنی مرۆڤە بە ئازادییەکانی لە سنوری یاساکان , یاسای بە پێویستیەکی ژیان داناوە و پەیوەستی کردووە بە هوشیاری ئاوەزەوە و , ئازادانە و بە ویستی خۆی بریاری لەسەر دانانی یاساکان کردووە و هەر یاسایەکیش لە دەرەوەی ئازادی و ویستی مرۆڤ دابنرێت بە یاسایەکی ستەمکار هەژمار دەکرێ. بۆیە (هیگل)پێی وایە کە قەوارەی یاسا ئەوەیە کە خەڵکی ئازاد و هوشیار دایدەمەزرێنن کە ئەمەش لەگەڵ بنەما سیاسییە دیموکراسیەکان دەگونجێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

, چونکە تیۆری هیگل بەرهەمی چاخی لیبراڵە و بنەما نەریتییەکان لە خۆ دەگرێت. بۆیە پێی وایە هەر تاکێك ئەو یاسا دانەرە هوشیار و ئازادەیە , کەوا یاسای داوەتە خودی خۆی ( مارکیوز , 1979 , ص:207)

**4.3 دۆرکایم**

بە گشتی لای (دۆرکایم) یاسا بەرجەستە بووە لە ویژدانی کۆمەڵ لەسەردەمی پشت بەستنی ئاڵوگۆڕ (Durkhiem,1960, p.124) لەم کۆمەڵگایانەی دابەش کردنی کار تیایدا پێشکەوتوە و ژیان بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە و یاسا شوێنی نەریت و ئایینی گرتۆتەوە , و بنەمای ئاکاری شارستانی داناوە , دۆرکایم پێیوایە یاسا هێمایەکی بینراوە بۆ هەموو ئەو بابەتانەی , کە کۆمەڵایەتین(Durkhiem ,1960 , p.106) لە بنەرەتدا لەگەڵ سەردەم ئەرکی فراوانتر بووە بە تایبەت لەگەل هاتنی مۆدێرنیتە , کە داواکاری و بەرژەوەندی چین و توێژە جیاوازەکان جیاوازترە لەوەی لە یاسای سروشتیدا هاتووە , کە بە درێژایی مێژوو زاڵ بوو بەڵام لەسەردەمی ئاڵوگۆڕ و بەرژەوەندی یاسا گەورەترە لەوەی تەنها ئامرازێك بێت لە دەست دەوڵەت , مەبەست لە هەموو ئەوانەشی باسکرا بەرژەوەندی ئاڵوگۆڕە , کە پشت بەستنی ئاڵوگۆڕە واتە بەرژوەندییە ئاڵوگۆڕەکان هەرچەندە لە ویژدانی کۆمەل بوونی هەیە بەڵام لەگەل ئەو پێشکەوتنانەی باسکران پێویستی بە یاسایە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

**5.3 ماکس ڤێبەر**

یاسا تەوەرێکی سەرەکی بووە لە بابەتەکانی (ڤێبەر) پێی وایە یاسا پشت بە بوونی پابەندکاری و ڕەنجاندن دەبەستێت کە کۆمەڵێك دام و دەزگای دەوڵەت بەرێوەی دەبات , و خەڵکی ڕاسپێردراو هەڵدەستن بە جێ بەجێ کردنی بەرامبەر ئەوانەی لە یاسا لا دەدەن , هەروەها ئەو پابەندکردن و رەنجاندن لە هەندێك باری وەك خوێنداری و ململانێ پێویست نیە دەسەلات پێی هەڵسێ و دەکرێ وەك پێشتر کەنیسە و خێڵ لە شوێنی دەزگای دادوەری بگرنەوە و هەلسن بە کاری دادگایی کردن( فیبر, 2011 , ص ص:67-8) (ڤێبەر) وەکو لایەنی فەرمی بە پێویستی دەزانێت , کەدەسەڵاتی

دادوەری هەبێت , بۆ ڕوو بەڕووبونەوەی سەرپێچی کارانی یاسا بە پێی بڕگە و مادده یاساییەکان , کە دیاری دەکرێن , سزا بۆ جۆری تاوانەکان دیاری دەکرێت لە بەرامبەردا باسی ڕۆڵی خێڵ دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەم شێوەی کە لە رابردوو ئەم کارەیان کردووە لە نێوان تاوانکار و تاوان لێکراو زیان و سزایان دیاری کردووە کە ئەم جۆرە دادگەرییە دەچێتە چوارچێوەی یاسای نافەرمی لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لە پاڵ گرنگی دانی بە یاسای فەرمی گرنگیشی داوە بە یاسای نافەرمی و بۆ ڕیکخستنی ڕەفتاری تاك و کۆنترۆڵکردنی جەخت لەسەر پابەندکاری و ڕەنجاندن دەکاتەوە

(ڤێبەر) یاسای دابەش کردووە بەسەر دوو بەش ئەوانیش یاسای تایبەت و یاسای گشتین(فیبر,ص:90) یاسای تایبەت کۆمەڵێك بنەمای یاساییە کە پەیوەندی نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتر لە لایەك و لەگەڵ دەوڵەت لە لایەکی تر ڕێکدەخات , یاسای گشتی بریتیە لە کۆمەڵێك پێوەر و بنەما کە دەسەڵاتی یاسادانان دایدەڕێژێ بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی و پەیوەندی نێوان دەوڵەت و تاك و دام و دەزگاکان و ئیش و کار و چالاکیەکانیان.

هەروەها پێی وایە سیستەمی یاسایی کاریگەری هەیە لەسەر سیستەمی دەسەڵات و سیستەمەکانی تری وەك ئابووری و پەروەردە(فیبر,2015, ص:127) بەو پێیەی لە سەرووی ویستە کەسیەکانە و سیستەمەکان بە شێوەیەك دیاری دەکات کە ویستی گشتی سەرچاوەکەی بێت , دوور لە خۆپەرستی و حەزی کەسی و چینەکان و دەبێ لە بواری ئابووری و پەروەردەشدا بە پێی یاسا سیستەم بکرێن , پەروەدەیەکی پێشکەوتو دابنێت بۆ نەوەکانی داهاتو کە یاسا لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان ڕەنگبداتەوە و بە شێوەیەك , کە ڕێز لە یاسا بگرن و خۆیان بپارێزن لە هەر ڕەفتارێکی لادەر , کە ببێتە هۆی زیان بۆ ئەوانی تر و بەرژەوەندی گشتی لە هەمان کاتدا پێکهاتەیی و میکانیزم و بەرنامە و ڕێکخستن بۆ بوارە جیاوازەکانی تر دادەڕێژێ.

### 6.3 پیترۆم سۆرۆکین

پێیوایە , کە بوونی دەوڵەت ئاماژەیە بۆ بوونی یاسا و بێ بوونی بنەما یاساییەکان دەوڵەت بوونی نابێت واتە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆر هەیە لە نێوانیاندا , یاسا پێویستی بە پابەندکردن و ڕەنجاندن و ئامرازی جێبەجێ کارە , بۆیە دەوڵەت بە پێویستیەك دەزانێ بۆ پاڵپشتی یاسا و لە هەمان کاتدا یاسا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیکەری دەوڵەت دادەڕێژی و بە یاسا ئیش و کارەکانی رێکدەخات , و جیاوازی لە نێوان دوو جۆری یاسا کردووە , بنەما یاسای فەرمی و بنەمای یاسای نافەرمی , کە هەر یەکێکیان کاریگەری و نەرمی خۆیان هەیە و توانای گۆڕان و سازانیان هەیە لەگەڵ بارودۆخی گۆڕاوی کۆمەڵگە(جابر: 1992, ص:332) یاسای فەرمی ئەو یاسایەیە , کە دەوڵەت بە جێبەجێکردنی کردنی هەلدەستێت و کۆمەلێك بنەمای فەرمین بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەن بێ جیاوازی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان رێکدەخات و خۆی لە یاساکانی تاوان و شارستانی دەبینێتەوە و بنەما یاسا نافەرمیەکان ئەرکیان ڕاستکردنەوەی پێوەرە بنەما فەرمیەکانە و تەواوکەریەتی.

### 7.3رادکلیف براون

پێی وایە یاسا هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی , و یاخود بەهێز کردنی ئەو سیستەمە لە ناو چوارچێوەیەکی هەرێمێکی دیاریکراو لە رێگەی بەکار هێنانی دەسەلاتی ڕەنجاندن یان زۆرە ملێ , و پێی وایە بوونی یاسا پێویست دەکات کە سزای یاسایی رێکخراوی هەبێت بۆ سزادانی تاوانباران (Brown ,1952, pp.199,208)

### 8.3 جۆرج گۆرڤیچ

پێی وایە کە یاسا کاتێك لەسەر بنەمای سەروەری دەوڵەت و سەربەخۆیی ویستی تاك بونیاد دەنرێت , ئەوا سیماکانی پێشکەوتنی لە یەکسانی لە مافەکان و یەکسانی بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی و یاسا و مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە خۆ دەگرێ (Gurvitch, 1947, p.230) ئەم جۆرە یاسایە لای (گۆرڤیچ) یاسایەکی یەکسان و دادپەروەرە , چونکە تاکەکانی کۆمەڵگە لە ژێر ئەم یاسایانە ئەرك و مافەکانی خۆیان دەزانن , و لە هەمان کاتدا هەژمونی دەسەلاتیش دەبینن کە پاڵپشتی ئەم یاسایانەیە ئەمە دەبێتە پاڵنەرێك , کە تاکەکان دەست بە یاساوە بگرن و لێی لانەدەن. هەروەها پێی وایە هەریەك لە ئایین و زانین و ئاکار وەکو ئاوەز و بیروباوەڕ پەیوەستن بە ئاستە هێماکانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕۆلیان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی جیاوازە , دەگۆڕێن بە پێی جۆری کۆمەڵگە و کاریگەریشیان لەسەر یاسا (Gurvitch,1947, p. 236) لەم هۆکارانەی باسکران باری هوشیاری

کۆمەڵایەتی دێتە پێشەوە, کە پەیوەستن بە بواری دەروونی تاکەکانەوە , و پەیوەستن بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی لە بوارە جیاوازەکان , کە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی و پابەندی ڕەوشی خۆیان دەبیننەوە , کە هەریەکێکیان کاریگەری خۆی هەیە بە ڕێژەی جیاواز بە شێوەیەکی گشی , و دەکرێ وەکو ویستی گشتی سەیر بکرێ , و هۆکاری گرنگن بۆ بوارە جیاوازەکانی یاسا و زۆر بواری تری کۆمەڵگە , هەروەها (گۆرڤیچ) پێیوایە , ڕەوشی کۆمەلایەتی و قۆناغە میژوییەکان ڕۆلیان هەیە لە دروست بوونی زانین. کە زانین خۆیشی وەکو هۆکارێکی گۆڕان ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە ڕەوشی یاسا , و دەتوانێت گۆڕانکاری لە یاسادا بکات و کاریگەری هەبێت لەسەر سەرچاوە فەرمیەکانی یاسا , هەرچەندە سیستەمی یاسا ژیر و سیکۆلار بکرێ کاریگەری زانین لەسەر رەوشی یاسا بەهێزتر دەبێت (Gurvitch , 1947 ,p.230) یاساش کاریگەری هەیە لەسەر زانین بەوەی کە لە هەندێك سیستەمی دەسەڵات ئازادی بیرورا بە یاسا سنوردار دەکرێ , لێرەدا یاسا ڕۆڵی سنووردار کردنی زانین دەبینێ بەڵام ئەم سنوردارکردنە بەردەوام لە گۆڕان دایە.

هەموو ئەوانەی باسکران لە بیروڕا جیاوازەکانی فەیلەسوف و بیرمەندان دەربارەی یاسا , کە هەر یەکێك لە زانایان کاریگەرە بە زانای پێش خۆی یان بیرۆکەی نوێی لەسەر یاسا پێشکەش کردووە , یان جۆرێك لە سازان و بەراووردکاری کردووە , هەموی لە پێناو یەك ئامانج و یەك مەبەستە ئەویش ئەوەیە کە یاسا پێویستیەکی هەتەرییە لە ژیانی کۆمەڵگە چونکە هەموو ئەم چالاکیانەی دەکەوێتە چوارچێوەی سیستەمەکانی کۆمەڵگە , ملکەچی یاسایەکی دیاریکراون , کە ئەرك و مافەکانی تاك و کۆمەڵ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت دیاری دەکەن و ڕێکی دەخەن , هەروەها هەر چەند بوارەکانی ژیان بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن و پێشبکەوێت یاساکانیش بەرەو پێشەوە دەڕۆن بەپێی پێویستی رەوشی کۆمەلایەتی دادەڕێژرێن , و هەموار دەکرێنەوە بەپێی پێویستی ڕەوش لە پێناو ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری و هاوسەنگی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی چوارەم / گرنگی و ئامانجی یاسا لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

### 1.4 گرنگی یاسا لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

یاسا گرنگە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی هەروەك چۆن کۆمەڵگە گرنگە بۆ مرۆڤ و هەر کۆمەڵگەیەك ئەگەر سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکەی هەرچۆنێك بێت ناتوانێت بێ یاسا ژیانی بەردەوام بکات چونکە یاسایە پەیوەندی نێوان تاکەکانی رێك دەخات, دەوڵەت کە لەسەروی هەموویانەوەیە لە رێگەی دام و دەزگا تایبەتەکانی یاساکان دادەڕێژێت , و سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی دەکات و سزای پێویست بۆ سەرپێچی کارانی دەدات بە پێی سزا دیاری کراوەکانی یاسا و گشت تاکەکانی گشت فەرماندار و فەرمان بەسەرداکراو ملکەچی بنەما یاساییەکانی دەکات , و هێز پرەنسیپێکی سەرەکیە لەم پرۆسەیەدا ئەمە لەسەردەمی نوێ و دەولەتی دەزگایی و یاسایی , لەمەوە یاسا دەبێتە رێکخەری گشت بوارەکان و چاودێری رەفتاری تاك و کۆمەڵ.

یاسا گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە پرۆسەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و بە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت , بە درێژای مێژوو پێگەیەکی گرنگی هەبووە و ئامرازی پاراستن و دەستەبەری مانەوەی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش و یەکسانی و داپەروەری و پێشکەوتن و سەقامگیریە لە نێوان تاکەکان لە لایەك و نێوان تاکەکان و دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە لایەکی تر , هەروەها لە پاراستنی ئازادییە تاکە کەسی و گشتیەکان , بۆیە یاسا بە رادەیەك گرنگە لای (رۆس) بەردی بناغەی بزوێنەری سیستەمێکی پسپۆریەتی و جۆرێتییەکی بەرزە , کە کۆمەڵگە دای دەنێت و بەکاری دێنێ (Ross,1901,p.106) , چونکە هەموو ئەوانەی باسکران پەیوەندییەکی ئەرکگەریان هەیە بە بارودۆخی هەست پێکراوی کۆمەڵگە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بۆیە یاسای بە ئامرازێکی گرنگتر و کاریگەرتر دیاری کردووە بە بەراورد بە ئامرازەکانی تری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی , هەروەها پێی وایە کە یاسا ئامرازێکە لە رێگەیەوە دەتوانرێت سزاکان دیاری بکرێن و لە رێگەی سزاوە رەفتاری تاکەکانی پێ کۆنترۆڵ بکرێت و جەختی لەسەر دەکاتەوە لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ( Ross, 1901, p.109)کە جێگەی رەزامەندی هەموو تاکەکانە و بریارەکانی لە پێناو هەموان بێت بەو پێیەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ پەی بە گرنگی یاسا و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ببەن لە پاراستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیستەم و سەقامگیری و بەرژەوندییەکان , بۆیە یاسا ئاژاوەگێری ناهێلێت و ئامرازێکی گرنگە لە بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پێویستیەکی گرنگە بۆ کۆمەڵگە نوییەکان کە ئەم کۆمەڵگایانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش , پەیوندییەکانیان ڕێکدەخەن و یاسا بۆیان وەکو پارێزگار و دڵنیاکەرەوە وایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هەمەلایەنەکان , لە هەمان کاتدا هەڵدەستێ بە دیاریکردنی سنوری بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پێویست.

(پارسۆنز) پێی وایە , کە گرنگی یاسا وەکو ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە دوو بارودۆخی دژ بەیەك و جیاواز دەردەکەوێ ئەوانیش:-

1-ململانێ لە نێوان بەهاکان , کاتێك ململانێیەکی توند هەبێت لە نێوان بەهایەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەیەکدا لێرەدا پێویستە لەسەر یاسا چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە لە ئەنجامی ئەم ململانێیە دروست بوونە.

2-ململانێ لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی خودی , لێرەدا گرنگی یاسا پەیڕەوکردنی هاوسەنگیە لە نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکان کە زۆربەی تاکەکان لە هەوڵ کۆششن لە پێناو بە دەستهێنانی ( جابر, 1992 , ص ص:360 , 361)

گرنگی یاسا لەوە دایە کە ئامرازێکی توند و یەکلاکەرەوەیە لە کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵ و دیاریکردنی پێوەر و پەیوەندییەکان , خودی و لایەنگری لە یاسادا جێی نابێتەوە چونکە پەسنی گشتگیری و پابەندکەریانەی هەیە , بۆیە (دۆرکایم) جەخت لەسەر گرنگی یاسا دەکاتەوە و دابەشی کردووە بەسەر تایبەتی و گشتی , هەردووکیان ڕۆڵی جیاوازیان هەیە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و پێوەرەکانی ڕەفتار و مانەوە و بەردەوامی سیستەمی کۆمەڵایەتی , کە تیایدا ڕۆڵ و پەیوەندییەکان زۆر بە ووردی دیاریکراوە , بەم شێوەیە دەتوانرێت بە پلەیەکی بەرز پارێزگاری لەم پێوەرانە بکرێت , کە ڕۆڵیان تەواوکارییە لە نێوان ئاڕاستەی تاك و ئاڕاستەی کۆمەڵ و کۆنترۆڵی ڕەفتار و دیاریکردنی سزا بۆ دەرچووان لە یاسا (Durkhiem , 1960 ,p: 89,90).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسا گرنگی خۆی هەیە لە پاراستنی مافەکان , ئەو مافانەی کە بە یاسا ڕێکخراون بۆ تاك و کۆمەل لە کاتی پەیوەندی و کارلیکە کۆمەلایەتیەکان , هەروەها بەرپرسیارێتی هەیە لە ئەرکە یاساییەکان کە بۆ تاك دیاری دەکرێت لە ژیان و ئیش و کارەکانی(Willis, 1926,p.203) , و خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ماف و ئازادیيە تاکە کەسیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەپارێزێت لە تاکەکانی تر و کۆمەڵ و گروپەکان و تەنانەت حکومەتیش , ڕێگری دەکات لەم کردانەی , کە دژبەری ماف و سنووردار کردنی ئازادیەکانن , و یاساکان چوارچێوە و بنەمای دیاریکراو دابین دەکەن بۆ یارمەتی دان لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکی و ململانێکان لە نێوان تاکەکان لە ڕێگەی بونیاتنانی سیستەمی دادوەری و دادگاگان , بۆ چارەسەری ئەو بابەتانەی کە لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی بە تاوان و ناکۆکی و ململانی هەژمار دەکرێن , یاسا وەکو پرەنسیپێکە هەروەك (یولی برودون) پێیوایە , کە یاسا هاوسەنگی ڕێکدەخات لە نێوان دژ یەکەکان ,کە لابردن هەڵناگرن و ڕەوشی کۆمەڵایەتی پێکدێنن(Gurvitch , 1947 ,p.70)

گرنگی یاسا هەروەك (زیمیل) دەیبینێ لەو کاتەوە زیادیکرد , کە چڕی و ژمارەی دانیشتوان زیادیکرد و لە کۆندا داب و نەریتەکان ڕۆڵیان هەبوو لە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پارێزگاری لە سیستەم لە کۆمەڵگە بچوك و خۆجێییەکان بەڵام لە کۆمەڵگە گەورەکان ئەم ڕۆڵەیان نەما چونکە تاکگەرایی و فشاری بزاوتە کۆمەڵایەتیەکان هاتە پێشەوە کە بەرژەوەندی تاك یەکێك لە سیماکانیەتی , ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە پێویستیەکان بەرز بکرینەوە بۆ یاسا و پشت بە پێوەرە بابەتیەکانی ببەسترێ (احمد , 2009, ص:77) لێرەدا بۆ دانان و جێ بەجێ کردنی ئەرکی سیستەمی سیاسی دەوڵەت دێتە پێشەوە , کە چۆن پارێزگاری لەو پێشهاتانە بکات کە لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاتونەتە پێشەوە بۆیە لە ڕوانگەی (لاندیز) گرنگی یاسا لەوە دایە کە تاکە ئامرازە دەوڵەت دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاکەکاکان بکات بۆیە لە کۆمەڵگە نوێیەکان دەوڵەت جەخت لەسەر داڕشتنی یاساکان دەکات بۆ بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (Landis,1931, p.259) هەروەها پارێزگاری لە ڕەوشی نوێ بکات شان بە شانی ئەمانە چۆن کولتووری کۆمەڵگە دەپارێزێت و ئەوانەی بەر پرۆسەی گۆڕان و پێشهاتەکان دەکەون چیان بەسەر دێت و چۆن لە ناو دەچن یان دەبنە هۆکاری دروست بوونی کێشە و بۆشایی لە ژیانی کۆمەڵگە بە

تایبەت کولتووری مایەکی گۆڕاو لە ماوەی گۆڕانکاریەکاندا بۆیە , یاسا بە ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگە و هێز لە ڕێگەیەوە بەکار دێنێت بە شێوەیەکی ڕێبازسازی بۆ پارێزگاری لە کولتووری کۆمەڵگە (Roucek , 1956 ,p.146)

کاریگەری یاساکان لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەردەوام لە زیاد بوون دایە ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەیەکی پلاندار کە هەموو پاشماوەی کۆمەڵایەتی و نەریتی بە تایبەت لە ڕێگەیەوە دەگۆڕێت , ئەم کارەش دەبێتە هۆی چالاك بوونی هزری تاکگەرایی بێ ئەوەی پەیوەستی لەگەڵ کۆمەڵ لە دەست بدات , بەمەش یاسا دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر لە گۆڕانکاری و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە.

لە سەدەی بیستەم روانین گۆڕا بۆ یاسا و بە شێوەیەك کە دەوڵەت بە جۆرێکی تر بووە هێزی یاسا لە جێ بەجێ کردنی و یاسا لە پاڵ پارێزگاری لە ڕەوشی باو بووە بەشێك لە داهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سنووری ئەرکی فراوانتر بوو لە هەمان کاتیشدا ئەو پەسنەی کە یاسا هەیەتی لە بزاوتی بەردەوام لە نوێبوونەوە دایە , بەشداری هەموو بوارەکان دەکات و بە پێی پێویستی و ڕەوشی کۆمەڵگە و دەق و بنەماکانی دادەڕێژرێت و لە هەر پرۆسەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی نوێ دەکاتەوە و ئامادەیی هەیە و سەرەڕای ئەمانە پەیوەستە بە هزری مرۆیی , لەسەر ئەم بنەمایە سزاکانی زۆر ووردن لە پێناو ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان و لە هەمان کاتدا پالپشتە بۆ سیستەمە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنیان , لەبەر ئەوەی یاسا پەسنی پابەندکاری و تایبەتمەندی هەلگرتووە بۆیە ئەمە بە یاسا نەبێت بە ئامرازەکانی تری ڕێکخستن بەدی نایەت ( Dobratz et al, 2016 ,p.4)

بە گشتی کۆمەلگە مرۆییەکان و بە پێی پلەی پێشکەوتنی شارستانیان گرنگی بە یاساکان دەدەن لە پێناو پاراستنی مانەوە و بەردەوامی و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیان , لە بەر ئەوەی یاسا ئامرازێکی ناوەڕۆکییە بۆ جێگیر کردن و پاراستنی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان , و ئامرازێکی گرنگە لە ڕێکخستنی ڕەفتار و ئاڕاستەکردنی تاکەکان لەسەر بنەمای بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری و بەرژەوەندی هاوبەش و کاراکردنی چالاکییە مرۆییەکان , ئەم ڕێکخستنە بە گشتی بە پێویستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەژمار دەکرێ بۆ کۆی پێکهاتەی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان و گرنگی خۆی هەیە لە سەردەمی ئەمرۆدا کە یاسا لە دونیادا لە چوارچێوەی سیستەمی تایبەت کاری خۆی دەکات و ئەرك مافەکان دیاری دەکات و پارێزەری بەرژەوەندی گشت تاکەکانە و گرنگە بۆ ژیان.

## 2.4 ئامانجی یاسا لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

هەر دیاردە و بابەتێکی کۆمەڵایەتی ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە کە بە پێی قەبارەی خۆی گرنگی هەیە و لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئامانجەکانی بەرچاو دەکەون یاسا یەکێکە لەو دیاردە و بابەتانەی کە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە و بەپێی مێژوو و پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی زیاتر بووە و بووەتە پارێزگارێك لە مرۆڤایەتی بە هەموو ئەوانەی کە پەیوەستن پێیەوە , یاسا تەنها بۆ ئەوە نەهاتووە تەنها ناوی یاسا بێت و تاك و کۆمەڵ وای ببینن کە ئامانجەکانی لەسەر چەند تەوەر و بابەت و بەرژەوەندی بەرتەسك کورت ببێتەوە ئەگەر چی لە کۆندا یاسا بە شێوەیەك بووە کە لە دەستی پاشا و ئیمپراتۆر و کەنیسە و چینی دەسەڵات دابووە و بە پێی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دایان ڕشتووە و بنەماکانیان بۆ داناوە بەڵام ئەمە ناوەڕۆکی یاسا نەبووە بەڵکو تەنها بەرگێگی ویستراوی بە بەردا کراوە دوور لە ئامانجەکانی , بەڵام جیا کردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پێشکەوتنی هزری و سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و پێشهات و شۆڕشی و پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسی ئەمانە بە گشتی بوونە هۆکارگەلێك کە ئامانجەکانی یاسا بێنەوە سەر ڕێچکەی ڕەسەنی خۆیان و وەك ئەوەی لەسەردەمی ئەمرۆدا بەرچاوە ئامانجی یاساکان بەم شێوەیە خوارەوە دیاری کراوە:

1_ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە بەوەی کە چ ڕاستە و چ هەڵەیە و پارێزگاری لە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی لە هەر لادانێك و دانانی کۆمەڵێك پێوەر و بنەما تا لە کاتی ململانێکان ببنە سەرچاوەی دادوەری و یەکسانی لە پێناو سەقامگیری و بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

2_خوێندنەوەی بارودۆخی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی زانستیانە پێش دانانی هەر یاسایەك تاکو لە کاتی دانانی گوزارشت لە بابەت و پرسەکانی کۆمەڵگە بکات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و هەروەها بەرەو پێشەوە بردنی پێویستیەکان بە گوێرەی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە ( القریشی, 2011 , ص:223)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3_بەدیهێنانی یەکسانی و پارێزگاری لە مافی تاکەکانی کۆمەڵگە و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی و پاراستنی چینی بێ دەسەلات و هەژار بەرامبەر دەست ڕۆیشتوان و دەسەڵاتداران , و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی , کە یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی یاسا (القریشی,2011 , ص:223)

4_ئامانجی یاسا کارکردنە لە پێناو چەسپاندنی داپەروەی کۆمەڵایەتی , لەبەر ئەوەی دادپەروەری یەکێك لە پایە سەرەکیەکانە بۆ بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

5_ڕوونکردنەوەی پێوەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە گۆڕان و پێشکەوتن و تەکنەلۆجیا.

6_دانانی بنەما و پێوەر بۆ سەرچاوە دیاریکراوەکانی دەوڵەت و دابەشکردنی بە ڕێگەیەکی دادپەروەرانە و دیاریکردنی سنووری ماف و ئازادییەکان و دابینکردنی خوشگوزەرانی.

7_ئامانجی یاسا پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و گیانی هاوکاری تەباییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتر پیش ئەوەی چارەسەری ململانێ و ناکۆکیەکان بێت(Deflem, 2008,p. 81)

8_خوێندنەوەی ڕەوش وەکو ئەوەی کە هەیە نەوەك وەك ئەوەی کە لە هزردا وێنای بۆ دەکرێت (Deflem, 2008 ,p.104)

9_ڕێکخستنی ململانێ و کێبرکێی سیاسی و ئابووری لە پێناو هێز و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری , ململانێکان لە بەردەوامی دان و شێوازەکانی دەگۆڕێت بەپێی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی , یاسا لە ڕێگەی دانانی پێوەرەکانەوە هەڵچوونەکان هێور دەکاتەوە و بەشێوەیەکی هۆشمەندانە.

لای ڕۆس ئامانجی یاسا بریتیە لە (Ross ,1901, p.107)

1_بەدیهێنانی پێشگری کردنی تایبەت بۆ ئەو تاکانەی کە لا دەدەن لە ڕێسایەکی دیاریکراو و نەهێشتنیان بۆ گەڕانەوە و ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری جارێکی تر.

2_بەدیهێنانی پێشگری کردنی گشتی بۆ تەواوی ئەندامانی کۆمەڵ و نەهێشتنیان لە ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارەی کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگە دەکات.

3_لە بڕی سزادان و زیندانی کردنی تاوانباران و سەرپێچیکاران ئامانجی یاسا هەوڵی چاکسازی کردنی ڕەفتاری لادەران و تاوانباران دەدات.

## بەشی پێنجەم/دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

### 1.5دەرئەنجامی توێژینەوە

بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوە , ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە یاسا کۆمەڵێك بنەمایە بۆ ڕێکخستنی بوارە جیاوازەکان دارێژراوە و گشتییە و ناچارییە بۆ هەموو تاکەکان , یاسا مرۆڤ دایهێناوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و پارێزگاری لە مانەوە و بەردەوام بوونی کۆمەڵگە , بۆیە بابەتی یاسا بریتیە لە ڕێکخستنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ و دەستنیشانکردنی ئەرك و مافەکانی بە کۆمەڵێك ڕێکاری تەوزیمی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و دادپەروەری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

لەگەڵ پێشکەوتنی ڕواڵەتەکانی ژیان پەیوەندی و ململانێکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لە زۆر باردا لە چوارچێوە ئاکاریەکەدا لایان داوە ئەمەش لەبەر خۆویستی , کە لە ناو گیانی بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە گەشەی کردووە و لە ڕەفتارە دەرەکیەکانیاندا بە کردەوە دەرکەوتوە بۆ کۆنترۆل کردنی ئەم ڕەفتارانە یاسا ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە , بۆیە ئەمڕۆ یاسا بڕیاردەرە و بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کارگێری و پیشەیی ڕێکخستووە لە پێناو ئەوەی پەیوەندیو کارلێك وململانێکان لە چوارچێوەی یاسایی دەرنەچن.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە پێشەکیەکەیدا ناتوانرێت بەدی بێت , بەبێ یاسا کە شێوازی دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبردن و ئامانجە سەرەکیەکان و ئەرك و مافی حکومەت و تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگە دیاری دەکات , هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات , یاسا لەگەڵ ئامرازەکانی تری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی جیاوازە , لەبەر ئەوەی زیاتر ووردتر و بابەتیانە و دیاریکراو ترە , لە جێ بەجێ کردن و دادپەروەری یەکسانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و ئەرك و مافەکانی دیاری کردووە , سنوری رەفتاری

تاکەکانی کێشاوە , بۆیە سزای داناوە بۆ تاوان و سەرپێچی کردن , هەموو ئەمانەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتیەکانە.

### 2.5 پێشنیارەکانی توێژینەوە

1_زیاتر گرنگی بە یاساکان بدرێت لە پێناو کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی چونکە هەر چەندە یاساکان گرنگیان پێ بدرێت ئاستی بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەرزتر دەبێت و سنوری لادان و تاوان بەرتەسکتر دەبێتەوە.

2_دابینکردنی هێز و پاڵپشتی بەردەوام لە لایەن دەوڵەت و دام و دەزگاکانی بۆ یاسا بە تایبەت لە کاتی جێبەجێ کردنی چونکە هێز و پاڵشتی هۆکارن بۆ سەرکەوتنی یاسا و هێنانەدی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

3_یاساکان لە داڕشتنیان بارودۆخ و کولتووری کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرن , تا لە جێبەجێکردنیان توشی بەریەك کەوتن نەبن لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگە و بە تایبەتیش نەریتەکان.

4_گرنگی دان بە بڵاوکردنەوەی هوشیاری یاسایی تا لە ڕێگەیەوە خەڵك زیاتر هوشیار بێت و توشی لادان نەبێت و ڕەفتارەکانی لە سنووری یاساکان بێت.

### 3.5 ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

1_گرنگی دانی زیاتر بە توێژینەوەی زانستی لە سەر ڕۆڵ و گرنگی یاساکان لە بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

2_ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی ئەو هۆکارانەی , کە دەبنە هۆی دەرچوون لە یاساکان و لە سنووری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

3_بایەخدانی زیاتر بە توێژینەوە لە بارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و کاریگەری لەسەر یاساو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

4_ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی ئەو پاڵنەرانەی دەبنە هۆکاری پابەند نەبوونی تاکەکان بە یاسا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی عربی

1_ بدر, احمد. (1994) , اصول البحث العلمي ومناهجه , المكتبة الاكاديمية , دوحه , قطر.

2_ عبدالباري , اسماعيل حسن. (1979) ,المراة والتنمية فى مصر , دار المعارف , القاهرة , مصر.

3_ سباين , جورج (1963) , تطور الفكر السياسي , الجزء الاول , ترجمة : حسن جلال العروسي , دار المعارف , القاهرة , مصر.

4_ جابر , سامية محمد. (1992) , القانون والضوابط الاجتماعية , مدخل علم الاجتماع لفهم التوازن فى المجتمع , دار المعرفة الجامعية , الاسكندرية , مصر.

5_ بدوي , عبدالرحمن. (1996) , فلسفة القانون والسياسة عند هيجل, دار الشروق , بيروت , لبنان.

6-احمد , صبيح عبدالمنعم (2009 ) , الضبط الاجتماعي , مركز العراق للبحوث والدراسات الاستراتيجية , بغداد , العراق.

7_ القريشي , غنى ناصر. (2011) , الضبط الاجتماعي , دار صفاء للنشر والتوزيع , عمان , الاردن.

8_ ماركس, كارل و فردريك انجلس. (1964) , الايديولوجية الالمانية , ترجمة: د.فؤاد ايوب , دار دمشق , بيروت ,لبنان.

9_ ماركس, كارل و فردريك انجلس. (1977) , مختارات , مجلد الاول , دار التقدم , موسكو ,روسيا.

10_ دشلي , كمال. (2016) , منهجية البحث العلمي , منشورات جامعة حماة , حماة , سوريا.

11_ فيبر , ماكس. (2011), مفاهيم اساسية فى علم الاجتماع , ترجمة: صلاح هلال, هيئة المصرية العامة للكتاب, القاهرة , مصر.

12_ فيبر , ماكس. (2015) , الاقتصاد و المجتمع , ترجمة: محمد التركي ، المنظمة العربية للترجمة , بيروت , لبنان.

13_ عمر , معن خليل. (1992) , البناء الاجتماعي و نظمه , دار الشروق , عمان , الاردن.

14_ ماركيوز , هربرت. (1979), هيغل ونشاة النظرية الاجتماعية , ترجمة: فؤاد زكريا , المؤسسة العربية للدراسات والنشر, بيروت , لبنان.

15_ ارسطو طاليس(1963) , السياسة , ترجمة :احمد لطفي السيد , دار القومية للطباعة والنشر, القاهرة ,مصر.

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

16_Brown , A (1952) , Sructure and Function in Primative Society ,Cohen &West Ltd , London.

17_Dobratz et al (2016) , Power, Politics ,and Society _an introduction to Political sociology , Routledge ,London.

18_Durkhiem , E. (1960) ,The Division of labor in society , translated by: George Simpson , 4$^{th}$ ed , The free press of Glencoe , London.

19_ Ross , E. A.(1901) , Social Control , the Macmillan Company New York .

20_ Gurvitch , G. (1947) , sociology of law, Kegan Paul, Trench , Trubner & Co. Ltd ,London.

21_ Willis , H. (1926) , A Definition of Law , law library ,Indiana.

22_Gibbs , j. (1981) , norms ,Deviance and social control ,Elsevier North Holland Inc , new york.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

23_Roucek, j. (1956) , Social Control ,2nd edition, D. Van Nostrand Company INC ,New jersey.
24_ Olsen , M. (1996) , The process of Social organization , Holt, Rinehart and Winston , New York.
25_Landis , P. (1939) , social control , social organization and disorganization in process , Lippancott co. , Philadelphia.

سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکا

26-الشاوي , منذر .( 1986), مذاهب القانون , سلسلة الثقافة القانونية , العدد(3) , بغداد .
https://www.jawad-book.com/2021/03/book-doctrines-law.html?m=1 09/11/2022
27- loeb et al(2017) , Descriptive analysis in education: A guide for researchers , institute of education , national center for education evaluation and regional assistance.
https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED573325.pdf 18/11/2022.

---

# The role of law in social control
# Analytical theoretical research

**Prof. Dr. Saleem Patros Elias**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Selim.Elias@.su.edu.krd

**Sherwan Othman Rasool**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Sherwan8182@yahoo.com

***Key words:*** *Role, Law, Social Control, Behavior, Organization*

## Abstract
This research, a theoretical and analiytical research, studies the role of law as a major necessity and a means of social control, which defines rights and duties, regulates relationships, and controls the behavior of individuals for the survival and continuity of society. The research consists of several sections, where the first

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

section deals with the general framework of the research, including the problem, importance, and objectives of the research. While the second section consists of scientific concepts and research methodology. The third section refers to the prospectives of philosopher and thinkers about the role of law in the process of social control. The fourth section deals with the importance of law and its objectives, while the fifth section consists of the research findings, suggestions, and recommendations.

# دور القانون في الضبط الاجتماعي
## بحث نظري تحليلي

**ملخص :**

هذا البحث , نظري تحليلي يركز على دور القانون كضرورة رئيسية و وسيلة من وسائل الضبط الاجتماعي حيث يحدد الحقوق والواجبات وينظم العلاقات ويضبط سلوك الافراد من اجل بقاء وديمومة المجتمع , يتكون من عدة اقسام , حيث يتطرق القسم الاول الى الاطار العام للبحث والذى يتضمن مشكلة واهمية واهداف البحث , بينما يتكون القسم الثاني المفاهيم العلمية و منهج البحث , اما الفصل الثالث فقد اشار الى اراء الفلاسفة و المفكرين حول دور القانون فى عملية الضبط الاجتماعي , وتطرق القسم الرابع الى اهمية القانون واهدافه , بينما تضمن القسم الخامس نتائج البحث واقتراحاته و توصياته.